www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:56 17-10-2006

# ئەوەی لای حەمەسەعیدحەسەن خەیاڵە، لای خوا بەتاڵە ... دلێرساڵح مستەفا

ماوەیەکی زۆر بوو حەمەسەعیدحەسەن، بەئاواتی سەردانی شاری سلێمانی یەوە بوو، بەڵام هەرچەندی دەکرد غیرەتی ئەوەی نەدەکرد، تا هەلێکی وەهای بۆ ڕەخساو توانی لەگەڵ کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیران کە نوێنەرایەتی سەرۆکی حکومەتیان دەکردوخۆی تێکەڵ بەوان بکات کە بۆ سەردانی هونەرمەندان (ئەنوەر قەرەداغی و دیاری قەرەداغی) سەردانی شاری سلێمانی یان کرد. بێ گومان حەمەسەعید حەسەن هەموو حیسابێکی بۆ خۆی کردبوو ئینجا ئەو ترسەی لا ڕەوی بوبۆوە. واتا دای نابوو ئەگەر یەکێتی لێپرسینەوەشی لەگەڵدا ئەنجام بدات، ئەوا بەبۆنەی ئەم کۆمەڵە ڕۆشنبیرەوە وەلاوە دەنرێت، ئەگەر هەر بشکرێت ئەوا گەورەدەکرێت چونکە ئەمانە نوێنەرایەتی سەرۆکی حکومەتیان کردووە.

جا لێرەدا بەڕێزان چەند گومانێك لای من و زۆر لە خوێنەرانی بەڕێز دروست دەبێت، باشە گەر حەمەسەعید حەسەن ئەو نووسەرە گەورەو بەناوبانگە بووایە، دەبووایە خەڵکی شاری سلێمانی بە هەموو چین و توێژەکانییەوە زۆر بە گەرمی و بەگوڵ پێشوازیان لێ بکردایە و بە زەحمەت بیتوانییایە لە ناو هاپۆرەی جەماوەردا ڕێی بکردایە، کەچی بە داخەوە حیسابی هاوڵاتییەکی ئاساییشیان بۆ نەکرد. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە حەمەسەعیدحەسەن نەك نەیتوانیوە جێگەی خۆی بکاتەوە لە ناو دڵی ڕۆشنبیراندا بگرە پێدەچێت هیچ بارستاییەکی نەبێت لە بزافی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی دا.

بەهەر حاڵ ئەوەی زیاتر سەرنجی منی ڕاکێشاوە ئەوەیە، پاش پانزدە ساڵ گەرانەوە بۆ ناو خزم و کەس وکار، کە بەشێك بیت لە گۆشت و خوێن ی ئەو کەس و کارە، لەبری ئاهەنگ گێران و شیرینی بەخشینەوە (غەفور حەسەن) ی برای، بکەن بە دەم ڕاستی خۆیان تا تەقە لە حەمەسەعیدحەسەن بکات و بیکوژێت و لە کۆڵیانی بکاتەوە، ئایا دەبێت ئەو نهێنییە چی بێت تا ئەوەندە داغ لە دڵ بن لێی.

کەچی ئێستا بەداخەوە حەمەسەعید حەسەن بۆ سڕینەوەی ئەرەقی نێوچاوانی (غەفوری) برای دەکاتە پێشمەرگەی یەکێتی، تا گومانەکان لەسەر خۆی کەم بکاتەوە، پێویستیشە لەسەر سەرۆکی حکومەت بەڕێز (نێچیرەڤان بارزانی) لەمەولا بزانێت کێ دەکات بەنوێنەری خۆی، کاتی ئەوەش هاتووە بەڕێزی بە فایلی حەمەسەعیدحەسەن دا بچێتەوە.

بە هەرحاڵ ئەو خەیاڵەی هەمیشە لای حەمەسەعیدحەسەن دروست دەبێت (خەیاڵ پڵاوە)، ئەو دەیەوێت ئیسلامییەکان فتوای کوشتنی بۆ دەربکەن کەچی بەستەزمانە هەر بەلاشیدا ناچن، ئەو دەیویست یەکێتی دەستگیری بکات بەرامبەر ئەو هێرشانەی کە کردویەتیە سەر سکرتێر و سەرکردایەتی یەکێتی، کەچی فەقیرە ئەمانیش وەك ئیسلامییەکان لای لێ ناکەنەوە، تەنانەت هەر پێی ناڵێن کەرت بەچەند، تەنیا ئەوەندە نەبێت دوای بریندار بوونی لەسەر داوای خۆی بە ئۆتۆمۆبیلی فریاکەوتنی سەر بە فەرمانگەی تەندروستی بە لاقی شکاوەوە بردیانەوە بۆ هەولێر، بۆ ناو ئەو کۆشکەی کە لەسەر (جەلالی نامە) بەڕێز سەرۆکی حکومەت پێیدابوو.